# کورتەیەك لە بیرەوەرییەكانم

لە مانگەكانی سەرەتای هاتنە سەركاری ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی، بۆ یەكەم جار لەلای شەهید دوكتور قاسملوو لە دەفتەری حیزب لە مهاباد، كاك نەبی قادری ـ م دی؛ دانیشتبوون و لەپێوەندی دەگەڵ مەسەلەی چوونیان بۆ لای خومەینی قسەیان دەكرد. هەر لەو چاوپێكەوتنەدا شێوەی قسەكردن و هەڵسوكەوتی كاك نەبیم یەگجار جوان هاتە بەرچاو.

ماوەی یەك ـ دوو ساڵ دواترو لە كۆتاییەكانی ساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠ی زایینی) كە وەزعی حیزب لە باكووری كوردستانی ئێران تووشی چەشنێك پەشێوی ببوو، دەفتەری سیاسی مەئمووریەتی دا بە كاك نەبی قادری و سەرهەنگ قادری و بە من كە بۆ چارەسەر كردنی گیروگرفتەكان بڕۆین بۆ ئەو ناوچانەی باكوور، ئەوكات ئەندامی دەفتەری سیاسی بووم و كاك نەبی و كاك سەرهەنگ قادری ئەندامی كومیتەی ناوەندی بوون.

لەو مەئموورییەتەدا كە زیاتر لە سێ مانگی خایاند زۆر شتم بۆ روون بوونەوە. یەك لەوانە كەسایەتیی بەرزی كاك نەبی بوو:

١ـ پیاوێكی یەگجار ئازاو بە هەڵسووڕ بوو. بە چەشنێك كە بەشی هەرە زۆری سەردان لە كومیتەكان، لك و پەلەكانی هێزی نەحۆ، كە هەر یەكەی لە بەشێك لە ناوچەكانی گەلی بەردەرەش، برادۆست، سۆما، شپیران و مەحاڵی ئەنزەل بوون و زۆربەشیان لە جێگەی دوورەدەست و ئەستەم هەڵكەوتبوون، كاك نەبی پێیان ڕادەگەیشت و لە ماوەی ئەو سێ مانگ و چەند رۆژەدا، رەنگە دوو ـ یا سێ جاران دەهاتەوە بنكەی گوندی حەسەنی كە وەك ناوەندی هەیئەتی دەفتەری سیاسی دیاریمان كردبوو و بەشی زۆری ئەو ماوەیە من و چەند پێشمەرگەی ناوەند لێی نیشتەجێ بووین. دیارە لە چالاكی و بە هەڵسووڕیدا كاك سەرهەنگ قادریش هیچی لە كاك نەبی كەمتر نەبوو.

٢ـ هەڵسووڕانی كاك نەبی بۆ جێبەجێ كردنی هەموو ئەو كارانە پێویستی بە ئازایەتییەكی تەواو هەبوو. چونكە لە هێندێك شوێن پێگەی ڕێژیم دامەزرابوون و بەداخەوە كەم نەبوون ئەو كەسانەش كە هاوكاریی ڕێژیمیان دەكرد. بەڵام، ئەوەی هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات ترسوخۆف لەو مەترسییانە بوو.

٣ـ بێجگە لەو ماوەی كە لە باكووری كوردستان بووین، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەشدا كە هاوكار بووین، كاك نەبی ـ نەك هەر بە بڕوای من، بگرە بە بڕوای هەموو ئەو كەسانەی لە نزیكەوە دەیانناسی ـ نموونەی پیاوێكی پاكداوێن و خاوەن شەرەف بوو. داخوا هەموو ئەو كەسانەی لە نزیكەوە دەیانناسی، هەرگیز دەنگۆیەك سەبارەت بە داوێن پیسی لەو شێرە پیاوەی ڕێگەی خەباتیان بیستووە؟ بێگومان نا.

بەكورتی كاك نەبی نموونەی ئازایەتی، بەهەڵسووڕی، پاكداوێنی و دەستپاكی و لەباری سیاسی و كۆمەڵایەتییەوە نموونەیەكی هەڵكەوتوو بوو.

رەوانی شادو یادی پیرۆز بێت

فتاح كاویان

١٣٨٥/٩/١٠